کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
20:22 2007-7-11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەگەر سیاسیەکان بە گوێی پرۆفیسۆرەکان بکەن، باری شلە ژاوی عیراق چارەسەر دەکرێ، بۆ نا ... مەهدی کاوانی:



بە گوێرەی ئەو پرۆفیسۆرو پسپۆرە ئەمەریکیانەی کە لە سەر باری عیراق لێدوانیان داوە لەوەتی سەدام رووخاوە تاکو ئێستا، خۆی لە سێ تا چوار پرۆژەی لە یەک جیا دەبینێتەوە:
یەکەم ؛ پرۆژەکەی بیکەر- هاملتۆن کە لە لایەن جۆن بیکەری وەزیری دەرەوەی پێشتری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو و لە ناو سیاسەتی باوی ئەمەریکیش بەوەوە ناوبانگی دەرکردووە کە شارەزاییەکی تەواوی لە بواری سیاسەت هەیە. دیارە ئەو پرۆژەیە لە پێشدا پێشنیاری دیموکراتەکان بوو بەڵام دواتر ئەگەر چی جۆرج دەبلیوو بوش بۆ دڵدانەوەی کوردەکان بانگێشیی ئەوەی دەکرد کە کار کردن لە سەر ئەو پرۆژەیە ڕادەگرێ، بەڵام کۆماریەکانیش وەک دیموکراتەکان ئاسا پرۆژەکەیان قبووڵ بوو. ناوەرۆکی پرۆژەکەش خۆی لەوە دەدیتەوە کە عیراق دابەش بکرێ لە سەر بناغەی فیدرالیەتی پارێزگاکان و مەرکەزیش بەهێز بکرێت.
پرۆژەی دووەم:
گەڕانەوەی عیراق بۆ سیستەمی مەرکەزی
کاتێک د. ستیڤن بیدل لە ساڵی 2005 وتارە بە ناوبانگەکەی بە ناوی (کاتێ سەیری بەغدا دەکەین، سایگۆنمان دێتەوە بیر) لە گۆڤاری فێرن ئەفریز بڵاو کرایەوە.
هەمان گۆڤار بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتۆکردنی ئەوتوێژینەوەیە مێزگردێکی بۆ (لاری دایمۆند) ڕاوێژکاری دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان لە عیراق، لیسلی گلب سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە، جامس دۆبینس بەڕێوەبەری سیاسەتی بەرگری و ئاسایش لە ئامۆژگای ڕەند، چەیم کۆتمان پسپۆرو تایبەتمەند لە سەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا و کێشە ئەتنیەکان لە عیراق. هەموو ئەو پسپۆرانە ڕاستەوخۆ لە گەڵ بیدل کەوتنە وتوویژ بۆ ئەوەی پێشنیارێک بخەنە بەردەم ئیدارەی ئەمەریکی بۆ ئەوەی لە عیراقدا چۆن ڕەفتار بکات.
ئاکامی ئەم مێز گردە بووە هۆکاری ئەوەی لە کۆنگریسدا جارێکی دیکە سیاسەتی ئەمەریکا هەڵسەنگێندرێتەوە. هەربۆیە پاش ڕەزامەندی بوش، کۆنگریس بڕیاری دا لیژنەیەک بە سەرۆکایەتی هەردو پارتی دیموکراتی و کۆماری دابمەزرێت، بە ناوی گروپی دراساتی عیراق وکارەکانیشیان 6 مانگی خایاندو بە کۆمەڵە بڕیارێک هاتنە پێشەوە کە هەمووی لە یەک خالی سەرەکی خۆی دەدیتەوە ئەویش بەهێز کردنی دەسەڵاتی مەرکەزی بوو لە عیراق. ئەو ڕاپۆرتە کە لە لایەن سەنتەری ستراتیژی پەیوەندیە نەتەوەیەکان سەرپەرشتی دەکرا کەوتە ناو نیگەرانیەکی زۆرەوە. سەرۆکەکەیان کە ناوی ئەنتۆنی کۆردیسمانی بوو بە تەوسەوە گوتی ئێمە چاوەڕوان بووین کە شاخ بزێ کەچی مشکی بوو. واتە پرۆژەکەی بیکەر هاملتۆن ئەوەندە بە بەهێزی پشتیوانی لێ دەکرا کە وەک شاخ بێت، کەچی ئەوەندەش ناواقیعی بوو کە دەرئەنجامی مشکی لێ بکەوێتەوە.
سێیەم: پرۆژەکەی جۆزیف بایدن
بایدن کە پلانێ B دارشت، دەرگای بە سەر هەموو ئەگەرەکان دانەخست و بواری ئەوەی هێشتەوە کە پلانی دیکە بۆ ئایندەی عیراق دابڕژرێت، هەموو هەولی بۆ ئەوە بوو کە ئیدارەی بوش ئەم ستراتیژو بەرنامەی ئێستای بگۆڕێ کە بە پلانێ (A) ی دانابوو، کە پرۆژەکەی بیکەر- هاملتۆنی دەگرتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

پرۆژەکەش دابەش کردنی نەرمی بەخۆو گرت (soft partition) ئەو پرۆژەیەش بە پرۆژەی سیناتۆر بایدن بەتایبەتی ودیموکراتەکان بە گشتی دەژمێردرا. ناوەرۆکەکەشی خۆی لەوەوە دەدیتەوە کە عیراق بۆ سێ هەرێمی کوردو سوننەو شیعە دابەش بکرێ.

ڕاستە پرۆژەی بیکەر –هاملتۆنیش واتە پلانی (A) لە لایەن دیموکراتەکانەوە بەرز کرایەوەو دواتر کۆماریەکانیش ڕەزامەندی خۆیان لە سەر نیشان دا، بەڵام داهاتەکانی عیراق ڕێک پێچەوانەی پرۆژەی وەها بووەوە بۆیە دیموکراتەکان پلانی (B) ی پرۆفیسۆر ئایدنیان قبوڵ کرد چونکە هیچ ئومێدێکیان بە پلانی (A) نەمابوو. بەڵام پاش تەقینەوەکانی ئەم دواییەی مەزاری عەسکەری لە سامەڕاومەزاری تەلحە لە بەسرا، پلانی (B) یش واتا دابەشکردنی نەرم بێ ئاکام مایەوە هەر بۆیە دوا ڕێگا چارە زیاتر خۆی لە پرۆژەکەی پرۆفیسۆر ئەمیتا ئیتزاین دەبینێتەوە.

پرۆژەی چوارەم: ئەمیتا ئیتزاین کە پرۆفیسۆرە لە زانکۆی جۆرج واشنتۆن

ئەو پرۆژەیە دەرئەنجامی ئەوەوە هاتۆتە کایەوە کە وەک پیت لە سەر خاڵەکان دابنێ وایە. واتە پرۆژەکە هیچ بواری بۆ کۆنگریس بە گشتی وسیناتۆر جۆزیف بایدن نەهێشتووتەوە کە بە دوای ئەلتەرناتیف یان ڕێگا چارەی تردا بگەڕێن. هەر بۆیە بایدن ناچار بووە کە دانیشتنێکی گوێ گرتن بۆ پرۆفیسۆر ئەمیتا ئیتزاین و چەندین پرۆفیسۆری دیکەی وەک مارینا ئۆتاواو پرۆفیسۆر ئیڤان لاندو، پرۆفیسۆر مایکل ئۆهلان گرێبدات.

دیارە ئەو پرۆفیسۆرانە هەر هەموویان سەرقاڵی ئەوە بوون کە پرۆژەیەکی بەدیلی پرۆژەی بیکەر هاملتۆن کە بە پلانی (A) ناو دەبرا. تەئکیدیشیان لە سەر ئەوەوە دەکردەوە کە بەڕێوەبەرایەتی بۆش هیچ پلانێکی بۆ عیراقی دوای سەدام حوسێن دانەناوە. بەڵام هیچیان وەک پرۆفیسۆر ئەمیتا ئیتزاین نەڕۆیشتبوون، کە خاڵ لە سەر پیتەکان دابنێ و بوار بۆ هیچ ڕێگا چارەی تری نەهێشتبووەوە واتە گشت ڕێگاکانی لەوە کورت کردبۆوە کە دەبێ بەڕێوەبەرایەتی بۆش واز لەو سیاسەتە خەیالیاوەی خۆی بهێنێت کە دەیەوێ یەک پارچەیی خاکی عیراق بپارێزێ. ئەمیتا هەموو بۆچونەکانی خۆی دەباتەوە بۆ کێشەی بۆسنەو هەزەگۆڤینای یوغسلاڤیای پێشتر، کە خۆی لە ڕێکەوتنی دایتۆن دەدیتەوە. دیارە ئەو ڕێکەتن نامەیەی دایتۆن پاش خوێن ڕژتنێکی زۆرەوە هاتە کایەوە، بەڵام هەر هەموویان واتە بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکا هاتنە سەر ئەو قەناعەتە کە دەبێ ئەو دوو وڵاتە بە تەواوەتی لە یوغسلاڤیا جیا ببنەوەو ببن بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە پێناو ئەوەی ئارامی لە ناوچەکە جێ گیر بێت وە دەبێت هەمان مامەلەش لە گەڵ کێشە هاوکێشەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات بکرێت. پرۆفیسۆر ئەمیتا دەڵێ دەبوایە بەریوەبەرایەتی ئەمەریکا هەمان سیاسەتیشی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجام بدابایە، نەک ناوچەکە ڕووبەڕوی بارودۆخێکی ناڵەباری وەک ئەمڕۆ ببێتەوەو ئەمەریکاش پێگەی بێتە خوارەوە.

ناوەرۆکی پرۆژەکەش، بەشێکی فراوانی خۆی لەم خاڵانەی لای خوارەوە دەبینێتەوە:

1-وەفاداری عیراقیەکان زیاتر بۆ ئەتنی و مەزهەبگەرێتیە، نەک بۆ نیشتمانی عیراق

وڵاتی عیراق لە ساڵی 1920 لە ڕێگای بێگانەوە دامەزراوە، نەک بە ویستی گەلەکەی. بۆیە قسەکردن لە سەر یەک پارچەیی عیراق وەهمە.

2- پێویستە دەسەڵاتی پاراستنی عیراق بدرێتە دەست لۆکالەکان و ئەوان بۆ خۆیان بەرگری لە پاراستنی ئاسایشی خۆیان بکەنەوە نمونەی یەکەمی بە ئەزمونی کوردی هێنایەوە چونکە ئەوان بۆ خۆیان پارێزگاری لە ئاسایشی خۆیان دەکەن، لە ڕیگەیەوە ناوچەکە پارێزراوەو تا وەکو ئێستا لە کوردستان یەک سەربازی ئەمەریکی نەکوژراوەو پێویستیشیان بە هێزەکانی ئەمەریکی نیە. نمونەی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دووەمیش شاری سەدر بوو لە بەغدا. پرۆفیسۆر ئەمیتا ئیتزاین کە لە سەر قسەکانی بەردەوام بوو گوتی کاتێ ئاسایشی شاری سەدر درا بە موقتەدا سەدر واتە خودی خەلکی ناوچەکە ئاسایشی ناوچەکە پارێزراو بوو تا ڕادەیەک، بەڵام دوار تر کە لەوانیان سەندەوەو ئەمەریکیەکان بۆ خۆیان ئەو ئەرکەیان گرتە ئەستۆ، دووبارە ئاسایشی ناوچەکەیان تێک چو. بۆیە بە قسەی ئەو بەڕیزە من لە گەڵ ئەوەم دووبارە ئاسایشی ئەو شارە بگەڕیتەوە بۆ خودی خۆیان نەک هێزەکانی ئەمەریکی. دیسان ئەو بەڕیزە لە گەڵ ئەوە نیە ملیشیاتی شیعە کۆنترۆڵی ناوچە سونیەکان بکەن و بە پێچەوانەشەوە. بەلکو دەبێت پاراستنی ناوچەکان بە خەلکی ناوچەکە بسپیردرێت.

3- وەفاداری بۆ نیشتمان کە مەبەستی عیراق بوو بە قسەی ئەو بەوەوە دەکرێت کە دەسەلاتی لۆکالەکان بەهێز ببن و بە دوایەوە زەمینەی تری دایلۆک و پێکەوە گونجان یان هاریکاری کردنی یەکتر دێتە پێشەوە.

4- ئەو لە گەڵ ئەوە بوو کە ئاسایشی ناوچەکە لە بن دەستی لۆکالەکان بێت نەک هێزەکانی ئەمەریکی بەڵام لە مەڕ کشانەوەو نەکشانەوەی هێزەکانی و دیار کردنی ماوەکەی ڕوونکردنەوەیەکی پێویستی نەدا.

5- بە قسەی ئەو بەشی هەرە زۆری پرۆفیسۆرو شارەزایانی ئەمەریکی هاوڕانە یان نزیکی ڕاکایەکانین بەڵام دەسەلاتدارانی ئەمەریکی بۆ مەرامی خۆیانە داوای یەک پارچەیی عیراق دەکەن وە هەتا وەکو بەلقان ڕوبەڕوی خوێن ڕشتنێکی زۆر نەبنەوە نایەنە سەر ڕاستیەکان وە هەتا بەڕێوەبەری بۆشیش لە کۆشکی سپی دوور نەخرێتەوە، بە تەواوەتی وەهمی یەک پارچەیی عیراق وەلاوە نانرێت چونکە کابرایەکی زۆر کەلە ڕەقە.

6- عیراق ڕووبەڕووی تراژیدیایەکی ترسناک بۆتەوە و ئەو بارەی ئێستا ئەمەریکیەکانیش تێی کەوتوون زۆری لە بەر ئەوەیە کە سیاسەتێکی واقیعبینانەیان لە عیراق پیادەنەکردووەو بە درێژە کێشانی ئەگەر دەستبەرداری نەبن و بە ئەلتەرناتیڤێکی گونجاو نەی گۆڕنەوە ئەوا لە ڕێگەیەوە جگە لەوەی ترژیدیای کارەساتەکان زۆر زیاتر دەبێو پێگەی ئەمەریکاش لە ناوچەکە دێتە خوارەوە بۆ ئەمەریکاش لە ڕوی داراییەوە زۆری تێدەچێ.

تێبینی: سود لە بابەتێکی گوڵانی ژمارە 640ی 2007/06/25 وەرگیراوە.

2007/07/01/
mahdikawani@yahoo. co. uk

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.